DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.345

گۆڤاری كوردستانیی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیییجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئەدەبی كوردیی بە زمانی بێگانە وەك جێگرەوەیەك بۆ زمانی كوردیی

**م. ی. زاهیر ئیسماعیل سەعید**

بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی ڕانیە

zahirismael@gmail.com.

**پ. د. ڕێزان ساڵح مەولوود**

بەشی زمانی کوردیی، فاکەڵتیی پەروەردە. زانکۆیی کۆیە

rezan.saleh@koyauniversity.org

## پوختە:

نووسەری کورد لەگەڵ ئەوەی کە بەرهەمی بە زمانی بێگانە نووسیوە، بەڵام بۆ سەلماندنی ناسنامەیی نەتەوەیی دەستبەرداری کلتوور و داب و نەریت و ژینگەی نەتەوەیی نەبووە، واتە جیاوازی بەرهەمی ئەم نووسەرانە لەگەڵ بەرهەمی بە کوردیی نووسراو تەنیا زمانە. لەم توێژینەوەیەدا، ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو نووسەرە کوردانەدا ئەکەین، کە بەهۆکاری سیاسیی، یان زاڵبوونی کلتووریی بەرهەمەکانیان بە زمانی بێگانە و بەکەش و هەوایەکی کوردانە نووسیوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (ئەدەبی کوردیی بە زمانی بێگانە وەک جێگرەوەیە بۆ زمانی کوردیی ) دەست پێکرد. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە هەوڵمانداوە بۆ ناساندنی هەندێک لەو نووسەرە کوردانەی کە بە زمانی بێگانە ئەنووسن و بەرهەمەکانیان لە رووی ناوەرۆکەوە باسیی کێشەیی کورد و ژیان و کلتوور و ژینگەیی کوردەواریی ئەکەن، ئەم نووسەرانە مەبەستیانە لە رێگەی بەرهەمەکانیانەوە، کلتوور و کێشەیی نەتەوەیی کورد بە خوێنەری بیانیی بگەیەنن. لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە میتۆدی ( مێژوویی و وەسفی )، هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی زانستی تیشک بخەینە سەر ئەم بابەتە و تێڕوانینی قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی و کۆمەڵێک لەو بۆچوونانە بکەینە بنەما، کە تاوەکو ئەمڕۆکە باڵادەستن لەناو لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی ئەم بوارەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەم توێژینەوەدا تووشی کۆمەڵێک گیروگرفت بووینەتەوە، کە زیاتر خۆی لە نەبوونی بیبلۆگرافیایەکیی گشتگیر لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی سەبارەت بەو نووسەرە کوردانەی کە بە زمانی بێگانە ئەنووسن، هەروەها بەدەنگەوەنەهاتنی بەشێک لەو نووسەرانەی کە پەیوەندیمان کردن، بەمەبەستی پرسیارکردن سەبارەت ئەم بابەتە. ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کەوا نەتەوەی کورد لە مێژووی هەزار ساڵەی خۆیدا بارودۆخێکی سیاسیی و ناجێگیری هەبووە، ئەم دۆخەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردیی هەبووە و ئەدەبی کوردیی کەوتۆتە ژێر هەژموونی ئەدەبی وڵاتانی داگیرکەر و نووسەری کورد لە ژێر فشار و سانسۆردا بوون، بەرهەمەکەی بە زمانی داگیرکەر بنووسێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەو بەرهەمە ئەدەبییە کوردییانەیی، کە بە زمانی بێگانە نووسراون، ئەگەر وەریان بگێڕینە سەر زمانی کوردیی هەست ناکەین وەرگێڕانن، چونکە باس لە کێشەی کورد و کلتوور و ژیانی کوردەواریی دەکەن.

**وشە کلییلەکان: ( ئەدەبی نەتەوەیی، ناسنامەی نەتەوەیی، ئەدەبی بەراورد، زمان، کلتوور ).**

Recieved: 14/8/2023
Accepted: 16/9/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

ئەدەبی نەتەوەیی کوردیی کە بە زمانی بێگانە نووسراوە، پەیوەستە بەو بارودۆخە دژوارە سیاسییەی کە گەلی کورد تێیدا ژیاوە. داگیرکەران هەروەک چۆن هەوڵی داگیرکردنی خاکی کوردییان داوە، بەهەمان شێوە لە هەوڵی سەرکوتکردن و بەکەم سەیرکردنی زمانی کوردیشدا بوون و هەوڵی سەپاندنی هەژموون و زمانی خۆیان داوە، ئەم دۆخەش کاریگەریی لەسەر دەروونی شاعیر و نووسەری کورد هەبووە، کە لەگەڵێک قۆناغدا پەنا بەرێتە بەر زمانی بێگانە بۆ نووسین. بەتایبەت لە قۆناغی داگیرکاریی و فراوانخوازییەکانی وڵاتانی زلهێزی دراوسێ ( عەرەب، تورک، فارس ). ئەم دۆخە سەپێنراوە سیاسییە، بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرە تێڕوانینێکی خۆبەکەمزانین و دەوڵەمەندی کلتووریی و زمانەوانیی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە لای نووسەری کورد درووست ببێت، یاخود جۆرە بێبەشبوونێکی زمانی لای هەندێک نووسەری کورد بەدی بکرێت و بە ناچاریی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە زمانی تر بنووسن، سەرنجامیش کێشەی پەیوەستکردنی ئەدەب بە زمانی نەتەوەییەوە وای لەو بەرهەمە ئەدەبییانە کردووە، کە بکەونە دەرەوەی بازنەی ئەدەبی کوردییەوە و گومان لەسەر نەتەوەییبوونی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی، کە بە زمانی بێگانە نووسراون درووست ببێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە لێکۆڵەر و نووسەر و رەخنەگران سەرنجیان خستووەتە سەر ئەم بابەتە و بۆچوونیان وایە، کە کلتوور و کەش و هەوای دەق، ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی دیاری ئەکەن، نەک زمان، چونکە زمان ئامرازی گەیاندنی پەیامە، نەک مەبەست. نووسەری بە رەگەز جەزائیری ( مالیک حەداد )، پێیوایە: ( ئەدەبیاتی جەزائیری، کە بە پیتی بیانی نووسراوە، وێنەی کۆمەڵگەی جەزائیری بەرجەستەکردووە لە رێگەی ئامرازی زمانی بیانییەوە )( قادة، ١٩٩٩، ١١ ). لێرەدا نووسەر زمان وەکو ئامرازێکی گەیاندن ئاماژە پێ ئەکات و بۆچوونی وایە ئەو کەرەستانەی کە رۆڵ ئەبینن لە وێنەکێشانی گەلی جەزائیر، ئەبنە ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی. لە راستیدا ئەم جۆرە ئەدەبانە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە لەسەردەمێک لە سەردەمەکان درووست بوون، نەک بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەو زمانەی کە پێی نووسراوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بریتییە لە چەند تەوەرەیەکی سەرەکی، کە بەم شێوەیە رێکمان خستووە؛ تەوەری یەکەم، ناساندنی چەمکی ئەدەبی نەتەوەیی، تەوەری دووەم: هەڵوێستی قوتابخانە بەراوردکارییەکان بەرامبەر بە ئەدەبی نەتەوەیی، کە تێیدا بە کورتیی و وردیی باسمان لە هەڵوێستی هەرسێک قوتابخانەی بەراوردکاری (فەرەنسی، ئەمریکی، رووسی) کردووە. تەوەری سێیەم: کورتەیەک لە مێژووی ئەدەبی کوردی بە زمانی بێگانەمان باسکردووە. تەوەری چوارەم: تیایدا هەڵوێستی لێکۆڵەر و شارەزایانی ئەدەبیی سەبارەت بەو دەقانەیی بەزمانی بێگانە نووسراون، خراوەتە ڕوو. تەوەری پێنجەم: پاساوی ئەو نووسەرە کوردانەی بەزمانی بێگانە ئەنووسن خراوەتەڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە بەردەست .

## چەمکیی ئەدەبی نەتەوەیی

زمان لە فەلسەفەی نوێدا لە رێگەی دەربڕینەوە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی ناسنامەیی تاک و کۆمەڵگە. (( دیارە پەیوەستبوونی زمان بە ناسنامەوە دەرئەنجامی پەرەسەندنی چەمکە نەتەوەییەکان و ئەو مەیلە جوداخوازیانەی، کە لە دنیای مۆدێرندا سەریهەڵدا، ئەو باوەڕەی درووست کرد، کە تایبەتمەندی زمان مانای تایبەتمەندی ناسنامەی نەتەوەییە. دەرکەوتنی بیریی نەتەوەیی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم، کە یەکەمین جار بیریی ناسیۆنالیزمیی فەرەنسیی، لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە سەریهەڵدا و لە سەدەی نۆزدەیەمدا ناسیۆنالیزمیی ئیتالیی و ئەڵمانیی بەدوای

خۆیدا هێنا و دواتر چەمکی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپاوە بۆ تەواوی وڵاتانی جیهان گوازرایەوە ))( جبارة، ٢٠١٥، ١٣٦ ). ئەم بۆچوونە کاریگەریی لەسەر بەشێک لە لێکۆڵەران داناوە و لە روانگەی بیری ناسیۆنالیستییەوە تەماشای دەقی ئەدەبی نەتەوەیی ئەکەن و زمان وەک پیوەرێک دائەنێن بۆ دیارکردنی ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی، لەم روانگەیەوە ( ئەدەبی نەتەوەیی سەرجەم ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە ئەگرێتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵە مرۆڤێکەوە بە تاکە زمانێکی دیاریکراو ئەنووسرێن، جا ئەو بەرهەمانە لە ناوخۆی وڵاتێک، یاخود لە دەرەوەی سنووری سیاسیی ئەو وڵاتە بەو زمانە بنووسرێن، بۆ نموونە ئەو ئەدەبەی کە بە زمانی ئەڵمانیی لە نەمسا و سویسرا، یان ئەو ئەدەبەی کە بە زمانی فەرەنسیی لە سویسرا و کەنەدا و هەندێک لە وڵاتانیی ئەفریقا و ئاسیا ئەنووسرێن ناسنامەی ئەدەبی ئەڵمانیی و فەرەنسیی وەرئەگرن )( الزهرة، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٨-١٠ ). واتە دەقی ئەدەبی بە چ زمانێک نووسرابێت، ئەوا ئەو دەقە ناسنامەی ئەو زمانە وەرئەگرێت، هەروەکو محەمەد غونیمی هلال لەم روانگەوە تەماشایی دەقیی ئەدەبی ئەکات و ئەڵێت: (( سنووری نێوان ئەدەبەکان زمانە، ئەگەر نووسەر یان شاعیر بە زمانی عەرەبیی بەرهەم بنووسێت، ئەوا ئەو بەرهەمە بە ئەدەبی عەرەبیی ئەژمار ئەکرێت، بێ گوێدانە رەگەزە مرۆییەکەی کە لێی دابەزیوە ))( هلال، ٢٠٠٣، ١٣ ). لێرەدا بە پێی زمانی دەق بڕیار لەسەر ناسنامەی دەق ئەدرێ، نەک کلتووری نەتەوەیی، بۆ نموونە بەرهەمی کۆی ئەو نووسەرە کورد، فارس و موسوڵمانە ناعەرەبانەی، کە بە زمانی عەرەبیی نووسراون، لە سەردەمێک لە سەردەمەکان ئەچنە خانەی ئەدەبی عەرەبییەوە.

لە راستیدا زمان رۆڵێکی گرنگ ئەگێڕێت لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا، بەڵام لە کارە ئەدەبییەکاندا بیرۆکە و بەها و ئایدیۆلۆجیی رۆڵی بنچینەیی ئەبینن لە دیاریکردنیی ناسنامەی نەتەوەییدا، واتە ئەدەبی نەتەوەیی لە ناسنامەی نەتەوەیی جودا ناکرێتەوە، ئەگەر بە زمانی نەتەوەییش نەنووسرێتەوە، چونکە ئەدەب درێژکراوەی پاشخانی دێرینی گەلەکەی خۆیەتی، بۆ نموونە (( ئەو نووسەرە جەزائیریانەی بە زمانی فەرەنسیی ئەنووسن وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بۆچوون و هەستەکانیان مانایی ئەوە نییە، کە هەندێک لە رەخنەگران پێیانوایە، کە لقێکە لە ئەدەبیاتی فەرەنسیی. ئەدەبی جەزائیریی کە بە فەرەنسیی نووسراوە پەیوەندی بە کلتووری جەزائیرییەوە هەیە، بۆیە ئەم نووسینانە ناسنامەی جەزائیرییان هەیە، چونکە هەڵگری نەریتی کۆمەڵگەیی جەزائیرە و مامەڵە لەگەڵ ژیانی رۆژانەیاندا ئەکات و لەگەڵ دەربڕینی هیوا و ئازار و ئاواتەکانیان ئەگونجێت ))( نعیمة، ٢٠١٩ – ٢٠٢٠، ١٠ ). تەنانەت زۆر لە نووسەرانی جەزائیریی، ئەڵێن: ئێمە داهێنانی خۆمان بە فەرەنسیی ئەگوازینەوە بۆ ئەوانەی، کە لە کەناری باکوری دەریای سپیی ناوەڕاستن ( أبختي، ٢٠١٢- ٢٠١٣، ١٠ )، کەواتە ئەو بەرهەمە جەزائیریانەی، کە گوزارشت لە ئازار و داب و نەریت و کلتووری جەزائیر ئەکات و بە زمانی فەرەنسیی نووسراوە، ئەچێتە ناو چوارچێوەیی ئەدەبیی جەزائیرەوە. لە ئەدەبی کوردیشدا هەمان کێشە هەیە، نووسەرانی کورد لە ( سووریا، تورکیا و ئێران ) لەلایەک بە هۆی گوشارە فیکری و سیاسییەوە و لەلایەکی تروە خوێندن و پەروەردەوە بەزمانی داگیرکەر بووە، بۆیە شاعیر و نووسەرانی کورد ناچاربوون بەرهەمەکانیان بە زمانی ئەوان بنووسن.

## هەڵوێستی قوتابخانە ئەدەبییە بەراوردکارییەکان بەرامبەر ئەدەبی نەتەوەیی:

١- قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی فەرەنسیی

لە قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردی فەرەنسییدا سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەدەبەکان ئەو زمانەیە، کە بەرهەمی ئەدەبیی پێ ئەنووسرێت، بەڵام (ڤان تیگم) بەراوردکاریی فەرەنسیی مەرج بۆ زمان و ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی

دائەنێت و ئەڵێت: (( شوێنەواری فەزای زمانەوانی بە تەواوی یان بەشێکی بۆ فەزای سیاسیی کارپێکراو ئەگەڕێنێتەوە، ڤان تیگم ئەو پرسیارە ئەکات، کە ئەکرێت ئەدەبی ئەمریکی بەئەدەبی ئینگلیزیی دابنرێت، لەبەر ئەوەی نووسەرەکانیان بە یەک زمانی ئینگلیزیی ئەنووسن، یاخود ئەو نووسەرانەی بە کاریگەریی ئەدەبی فەڕەنسیی، ئەدەبی کەنەدییان بە زمانی فەڕەنسیی نووسیوە ))( ڤان تیگم، ؟، ٥٣ ). لێرەدا ڤان تیگم ئەو بۆچوونە ڕەت ئەکاتەوە، کە تەنیا زمان بەخشینی ناسنامەی ئەدەبی نەتەوایەتی بێت، چونکە هەر ئەدەبێک کلتوور و ژینگە و ئەزموونی نەتەوەیی خۆی هەیە، زمان تەنیا ئامرازیی گەیاندنە، کەش و هەوای دەق و ڕەنگدانەوەی کلتووری نەتەوەیی ڕۆڵی گرنگ ئەگێڕن، لە بڕیاردان لەسەر ناسنامەی دەق، هەر بۆیەشە ڤان تیگم ئەو نووسەرانەی، کە بەرهەمەکانیان تەنیا لەرووی زمانەوە فەڕەنسییە، دوور ئەخاتەوە و بە فەڕەنسیی ئەژماریان ناکات، بەڵکو ئەو نووسەرانەی بە ئاراستەی زمانی فەڕەنسیی و بە ئیلهام وەرگرتن لە کلتووری فەڕەنسیی نووسیویانە، لە نووسەرانی فەڕەنسیی ئەژماریان ئەکات. لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ( ناسنامەی بنەڕەتی ) نووسەر کێشە درووست ناکات، هەرچەندە ڕەنگە نووسەر بنەچەی نەتەوەیی جیاواز بێت، بەڵام ئەگەر هەردوو فاکتەریی ( زمان و کلتووریی نەتەوە ) پێکەوە کۆببنەوە، ئەوا ئەو دەقە ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی ئەو زمانە بەدەست ئەهێنێت، کە دەقەکەی پێ نووسراوە، بۆ نموونە (( نووسەرانی نەتەوە جیاوازەکان کە کۆچ ئەکەن بۆ فەڕەنسا یان ئەمریکا و تێکەڵ ئەبن بە ژیانی گشتیی لەوێ و بە زمانی نیشتمانە نوێیەکەیان ئەنووسن. ئەم داهێنەرانە بەشێک لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە پێک ئەهێنن و بە زمانی ئەو وڵاتەی تێیدا ئەژین ئەنووسن، وەک ئەوانەی لە فەڕەنسا ( هێنریی ترویا لە بنەچەدا ڕووسیی و جولیان گرین بەبنەچە ئێرلەندیی ))( الخطیب، ١٩٩٢، ٢٦ )، هەروەها ئەگەر ئاماژە بەو نووسەرە کوردانەی وەك ( احمد شوقی واحمد أمين والزهاوی والرصافی.. )، کە بەڕەچەڵەك کوردن و هەندێکیان بۆ ڕاگەیاندنەکان کوردبوونی خۆیان ئاشکرا کردووە، بەڵام ناوەڕۆکی بابەت و نووسینەکانیان بۆ کورد تەرخان نەکردووە. یان هیچیان بۆ مەسەلە و کێشەی کورد نەنووسیوە ( کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv ). بەپێی بۆچوونی ڤان تیگم ئەم بەرهەمانە لەسەر ئەدەبی عەرەبیی ئەژمار ئەکرێن نەک لەسەر ئەدەبی کوردی، چونکە زمان و ناوەڕۆکەکانیان عەرەبییە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هەڵوێستەی ڤان تیگم ، ئەکرێت ئەدەبی نەتەوەیی بەمشێوەیە پێناسە بکەین و بڵێین: ( کۆی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە ئەگرێتەوە، کە بە زمانێکی دیاریکراو ئەنووسرێن و ڕەنگدانەوەی کلتوور و داب و نەریت و ژینگەی نەتەوەیی بێت ). لێرەدا دوو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵ ئەبینن لە دانان بە ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی، لەلایەک زمان و لەلایەکی تر کلتوور و داب و نەریت و ژینگەی نەتەوەیی، نەبوونی هەر یەکێکیان تایی تەرازووی ئەدەبی نەتەوەیی لاسەنگ ئەکات، بۆ نموونە بەرهەمەکانی ( یەشارکەمال، سلیم بەرەکات، محێدین زەنگەنە، مەنسووری یاقوتی... ). لە رووی زمانەوە دەچنە ناو چوارچێوەی ئەدەبی ئەو زمانەی بەرهەمەکەیان پێ نووسیوە، بەڵام لەرووی ناوەرۆکەوە، سەر بە ئەدەبی کوردیین و لە ئەدەبی کوردیی جیا ناکرێنەوە، چونکە باس لە کلتور و داب و نەریتی کورد ئەکەن..

٢- قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی ئەمریکیی

ئەم قوتابخانەیە ڕێگاچارەیەکی بۆ ئەو ئەدەبانە داناوە کە بە زمانی بێگانە ئەنووسرێن، بۆ ئەم مەبەستە قوتابخانەی ئەمریکیی دوو پێوەر بۆ مەودای ئەدەبی نەتەوەیی دیاری ئەکات: (( لە لایەکەوە، ئەدەبی نەتەوەیی ئەو کارە ئەگرێتەوە کە سەر بە هێماکانی هەمان جوانیی نەتەوەییە و لە ئەنجامدا بە یەک زمان نووسراوە. لە لایەکی

تـرەوە، نووسـەرانی ئـەم کارە، هەمـان پێشـینەیی کلتوورییـان هەیـە. ئـەم کارانـە بـە زۆری لەژێـر بنمیچـی کلتوورێکـی دیاریکـراودا ئەنووسرێـن، بـە بەکارهێنانـی وشـەی بـاو و رستەسـازیی. ئەدەبیاتـی ئەمریکیـی بـە زمانـی ئەمریکیـی نـووسراوە کـە جیـاوازە لـە ئەدەبیاتـی بەریتانیـی و لـە ژینگـە و شارسـتانییەتی ئەمریکیـی سـەری هەڵـداوە ))( یویسـت، ١٣٨٨، ٣٨ ). بەپێـی تێروانینیـی ئـەم قوتابخانەیـە، ناسـنامەی ئەدەبـی نەتەوەیـی تەنیـا لـە زمانـدا کۆنابێتـەوە، بەڵکـوو سـەرجەم رەگـەزە نەتەوەییـەکان رۆڵـی خۆیـان لـە دیاریکـردنی ناسـنامەی ئەدەبـی نەتەوەییـدا ئەبینـن، چونکـە زمـان ئامـرازی گەیانـدنی پەیامـە، نـەوەک فاکتـەری بنچینەیـی. ئـەم قوتابخانەیـە لـە ژینگـەی سیاسـیی ئەمریـکاوە، تەماشـای ناسـنامەی ئـەدەبی نەتەوەیـی ئـەکات، نـەوەک زمـان، چونکـە ئەمریـکا خـۆی وڵاتێکـی فـرە نەتەوەیـە و ئامانجیـی ئەوەیـە، ئەدەبـی نەتـەوەکانی لـە ژێـر سـێبەری یـەک کلتـوور و بـە زمـانی ئینگلیزیـی کـۆ بکاتـەوە، بـەڵام ئێمـە لێرەدا مەبەسـتمان لـە ناسـنامەی ئـەدەبی نەتەوەیـی ئـەو گەلانەیـە، کـە ژێردەسـتەن و لـە ژێـر کاریگەریـی و گوشـاری وڵاتـانی داگیرکـەر دان و شـاعیر و نووسـەرانیان بـە ناچاریـی ئـەدەبی نەتەوەیـی خۆیـان بـە زمـانی داگیرکـەر ئەنووسـن، یاخـود لـە ئاوارەییـدا هەوڵیانـداوە بـە زمانێکـی تـر بەرهەمەکانیـان بنووسـن. نەتـەوەی کوردیـش یەکێکـە لـەو نەتەوانـەی کـە لـە مێـژووی هـەزار سـاڵەیدا کیانێکـی سـەربەخۆ و زمانێکـی یەکگرتـووی سەرتاسـەریی نەبـووە، بۆیـە هەمیشـە زمـان و ئەدەبەکـەشی لەژێـر هەژمـوونی وڵاتـانی داگیرکـەر دابـووە و بـە چاوێکـی نـزم سـەیری زمـان و ئەدەبەکـەی کـراوە و جێگایـی بایـەخ پێـدان نەبـووە، شـاعیر و نووسـەرانی کـورد بـۆ دەربڕینـی هەسـتی خۆیـان پەنایـان بردۆتـە بـەر زمـانی وڵاتـانی داگیرکـەر بـۆ نووسـین.

٣- قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی رووسیی

ئـەم قوتابخانەیـە وەک دیاردەیەکیـی کۆمەڵایـەتی گشـتگیر لـە ئـەدەب ئەڕوانێـت. لایەنگرانـی ئـەم رەوتـە بەراوردکارییـە لەژێـر کاریگەریـی فەلسـەفەی «مارکسیی»دا بـوون. ئـەوان دژ بـە چینـە بورژواییـەکان شۆڕشـیان دەسـت پێ کرد، بـۆ بنیاتنانی جیهانێکیـی گشـتگیریی بـێ چیـن ( چینیـی بـاڵا و چینیـی نـزم )، ئـەوان پێیانوایـە (( فاکتـەرە کۆمەڵایەتییـەکان یـان بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـەکان بەرپرسـن لـە دیاریکردنـی شـێوازی ژیـان و جۆرەکانـی هونـەر و ئـەدەب، بەبـێ گوێدانـە نەتـەوە، زمـان یـان رەگـەز، بۆیـە کاریـان کـرد بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی نەتـەوەکان لەنـاو ئـەم سیسـتەمە کولتوورییـەدا ))( البدیـری، ٢٠٠٩، ٣٥ ). بـە بـاوەڕی رێبـەرانی ئـەم قوتابخانەیـە، ئـەدەب چالاکییەکـی جیانەکراوەیـە لـە کۆمەڵگـە و یەکێکـە لـە ئامرازەکانـی دەربڕینـی کۆمەڵایەتیـی، کـە رەنگدانـەوەی کۆمەڵگەیـە، جگـە لـەوە هـەر کۆمەڵگەیـەک ئەدەبێکـی تایبەتیـی هەیـە، لێرەدا هـەر چینێکـی کۆمەڵگـەش ئەدەبێکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، کـە لـە لایـەن نووسـەرەوە وێنەیـی چینەکـەی بەپێـی ئاسـتی خـۆی لـە بەرهەمەکەیـدا ئەکێشرێـت ( العیـد، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٩١ )، واتـە بەرهەمـی ئـەدەبی وێنەیـی واقیعیـی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگەکـەی پیشـان ئـەدات، لـە هـەر گۆڕانکارییەکیشـدا ئەدەبێکـی نوێـی نیشـتمانیی و کۆمەڵایەتـی لەدایـک ئەبێـت.

لـە روانگەیـی ئـەم قوتابخانەیـەوە، ئـەدەب بـە تەنیـا چالاکـی تـاک نییـە، واتـە (( نووسـەر لـە فەزایەکـی بەتاڵـدا ناژیـی، بەڵکـو لەنـاو کۆمەڵـدا ئەژیـی و هەمـوو رەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکانیـش کاریگەرییـان لەسـەر بیرکردنـەوە و شـێوازی نووسـینی نووسـەر هەیـە ))( مەنتـک، ٢٠١٨، ٦٦ )، واتـە نووسـەر لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی خۆیـدا لەدایـک بـووە و بیرکردنـەوە و واقیعیـی کۆمەڵەکەیـی بەسـەریدا زاڵـە، ناتوانـێ لـە دەرەوەیـی نەتـەوە و کۆمەڵگەکـەی بیربکاتـەوە، بۆیـە ئـەوەی نووسـەر ئەینووسـێت، بەرهەمـی نەتـەوە و کۆمەڵگەکەیـەتی، گرنـگ نییـە بـە هـەر زمانێـک بنووسرێـت.

قوتابخانـەی بەراوردکاریـی رووسـیی لەسـەر بنەمـای فەلسـەفە و ئایدیۆلۆژیایـی شۆسیالیسـتیی گشـتگیر دامـەزراوە، بۆیـە نـاوەرۆک و ئایدیۆلۆجیـای دەق ئەبـن بـە پێـوەر بـۆ ناسـنامەی ئەدەبیـی چینـەکانی کۆمەڵگـە، نـەک بـە تەنیـا زمانێکیـی

دیاریکراو.

لەم قوتابخانەیەدا زمان ئەبێت بە پێوەری پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لێرەدا زمان لە رستەوە ئەبێت بە زمانی گوزارشتی دەستەیەک، کۆمەڵە خەڵکێک. مارکسییەکان زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە. لێرەدا شێوازیی چینەکانی ناو کۆمەڵگە پەیدا دەبێ. ئەو شێوازانە وشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە رەنگدانەوەی چینایەتی و ئایدیۆلۆجیایی کەسەکەیە. کاتێ ئەو کەسە دەقێکی شیعریی، یان رۆمان ئەنووسێت تێیدا رەنگ ئەداتەوە. لە رێی ئەم وشانەوە ئەتوانیت کۆدی کۆمەڵایەتیی گوتاری ئەو دەقە کەشف بکەیت (مەنتک، ٢٠١٨، ٧٣ )، کەواتە لێرەدا زمان تەنها ئامرازی گەیاندن نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک دەلالەتی هونەریی و ئایدیۆلۆجیی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە خۆی لە دەربڕینی وشە و رستەکاندا ئەبینێتەوە، کە تایبەتن بە چینەکانی کۆمەڵگە. لێرەدا زمان ئەبێت بە کۆدی چینەکانی کۆمەڵگە و هەر چینێک بەپێی ئایدیۆلۆجیایی خۆی قبووڵ، یاخود ئەو دەقە ئەدەبییە رەت ئەکاتەوە.

## کورتەیەک لە مێژووی ئەدەبی کوردیی بە زمانی بێگانە

دیاردەی نووسین بە زمانیی بێگانە لە لای کورد، سەرەتا لە لایەن زانایانی کوردەوە لە قاڵبێکیی ئاینییدا خۆی نواندووە و دەستی پێکردووە، بەهۆکاری ئەوەی کە دەرچووی حوجرەی مزگەوت بوون و شارەزاییان لە زمانی عەرەبییدا پەیداکردووە و بەهۆی خۆشەویستییان بۆ ئایینی ئیسلام، لێکۆڵینەوەیان دەربارەی زانستە ئیسلامییەکان بە زمانی عەرەبیی کردووە و (( چەندین کتێبیان لە زانست و هونەرە جۆراوجۆرەکاندا داناوە، وەک زانستە شەرعییەکان، حەدیس، دادپەروەریی، بنچینەکانی باوەڕ و لۆژیک .. زانایانی کورد بە راستی هەوڵ و ژیانی خۆیان بۆ خزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان تەرخان کردووە، لەوانە (عبدالقاهر الشهرزوري ( ت ٥٥١ هـ )، _ إبراهيم بن أحمد الجزري (ت ٧٠٩ هـ)... ))( عزیز، ٢٠١٢، ٣٨٣ ). دواتریش لای زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیکیی کوردیی بۆ شانازییکردن و دەستڕەنگینیی خۆیان لە پاڵ شیعری کوردییدا، بە زمانی عەرەبیی و فارسیی و تورکیی شیعریان نووسیوە. ئەم شێوازی نووسین بە زمانی بێگانە لە لایەن شاعیرانی کوردەوە، تەنیا بۆ خۆنواندن بووە، نەک خزمەتکردن بێت بە زمان و ئەدەبی ئەو زمانانە. ئەم دیاردەیەش سەرەتا لای شاعیرانی کلاسیکیی کرمانجیی ژووروو ئەبینرێ، وەک ( مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی ... )، دواتریش لایی شاعیرانی کلاسیکیی کرمانجیی ناوەڕاست دووبارە بەرچاو ئەکەوێت، لەوانە ( نالی، سالم، شێخ رەزای تاڵەبانی.. ). هەروەکو نالی لەم دێڕە شیعرەدا شانازی بە دەستڕەنگینیی خۆیەوە ئەکات، کە بە هەر سێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و فارسیی شیعریی نووسیوە، ئەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم  بە دەفتەر گرتووە**

**( نالی ) ئەمڕۆ حاکمــــــی سێ موڵکە، دیوانی هەیە     ( نالی، ١٣٦٨، ٥٧٧ ).**

بێگومان جگە لە بڵاوبوونەوەی کلتووری عەرەبیی- ئیسلامیی لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا، فشاری سیاسییش هەبووە، بەتایبەتی لە دوای پەیمانی ( لۆزان ) و دابەشبوونی کورد بەسەر چوار ناوچەیی جوگرافیی (عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا ). ئەم وڵاتە داگیرکەرانە، زۆر دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ کورد  و زمانی کوردییدا کردووە. خوێندن و نووسین بە زمانی کوردیی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان قەدەغە بووە، بۆیە شاعیر و نووسەری کورد ناچاربووە بۆ دەربڕینی هەستی خۆی روو لە زمانی داگیرکەر بکات. لێرەدا ئەکرێت، ئەو شاعیر و نووسەرانەی بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە بە زمانی داگیرکەران نووسیویانە بکرێن بە دوو بەشەوە:

یەکەم: ئەو شاعیر و نووسەرە کوردانەی بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە لە ژینگە و زمانی کوردیی دابڕاون و

بەرهەمەکانیان لەڕووی زمان و کلتوورەوە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە، بەڵکوو لەڕووی زمان و کلتوورەوە سەر بە ئەدەبی ئەو زمانەن، کە بەرهەمەکەی پێنووسراوە، وەک بەرهەمەکانی ( ئەحمەد شەوقی، ئەحمەد ئەمین، رەسافی و بلّند حەیدەری .. ) هەروەکو رەفیق حیلمی سەبارەت بەم شاعیر و نووسەرە بە رەچەڵەک کوردانە، ئەڵێت: (( لە ناو میللەتەکانی شەرقدا، گەلێ کوردیی وا هەیە، کە لە مەیدانی شیعر و ئەدەب و زانستی و سیاسییدا گەیشتوونەتە پایەیەکی بەرز و لەڕێی پێگەیشتنی تورک و عەرەب و عەجەمدا خزمەتی زۆر گەورەیان کردووە ))( رەفیق حیلمی، ٢٠١٠، ٣٤ ). سەبارەت بەم شاعیر و نووسەرە کوردانە تەنیا ئەتوانین ئەوە بڵێین کە کورد کەسانی بە توانای تێدا هەڵکەوتووە و خزمەتیان بە زمانی نەتەوەیی تر کردووە، چونکە بەرهەمەکانیان هیچ پەیوەندییەکیان بە کورد و ئەدەبی کوردییەوە نییە.

دووەم: ئەو نووسەرە کوردانەی لە پارچەکانی کوردستان بە هۆی تەنگەتاویی و سانسۆرەوە نەیانتوانیوە بە ویستی خۆیان و بەزمانی کوردیی گوزارشت لە ناخیی خۆیان بکەن، وەک: ( یەشارکەمال، سەلیم بەرەکات، ئیبراهیمی یونسی، محێدن زەنگەنە... ). لەکاتێکدا بەرهەمی ئەم نووسەرە کوردانە بەزمانیی داگیرکەر نووسراون، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە باس لە کلتوور و کێشەکانی کورد ئەکەن.

هەروەها لەکۆتایی ساڵانی هەشتایی سەدەیی بیستەم، چەمکیی بەجیهانیبوونی ئەدەب پەرەی سەند و بارودۆخێکیی لەبار بۆ شاعیر و نووسەرانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ژێردەستە رەخسا، تاوەکو لە رێگەی نووسین بە زمانی بێگان خۆیان و نەتەوەکەیان بەجیهانی دەرەوە بناسێنن، لەناو کوردیشدا قۆناغێکی نوێی نووسین بە زمانی بێگانە دەستی پێکرد، کۆمەڵێک نووسەری بەتوانا دەرکەوتن، کە تێڕوانینی بەجیهانیبوونی ئەدەبیان هەیە، وەک: ( جان دۆست، هۆشەنگ ئەوسیی و هونەر کەریم .. ). ئەم نووسەرە کوردانە ئەیانەێت لە رێگەی زمانی بێگانەوە ئەدەبی کوردیی بەخوێنەری بیانیی بناسێنن.

## هەڵوێستی لێکۆڵەر و شارەزایانی ئەدەبیی سەبارەت بەو دەقانەی بە زمانی بێگانە نووسراون

بێگومان قۆناغی کۆڵۆنیالیزم، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر نووسین بە زمانی بێگانە. وڵاتانی کۆڵۆنیالیزم بەهۆی فشارەکانیان لەسەر وڵاتانی کۆڵۆنیکراو، نووسەرەکانیان ناچاربوون بەزمانی کۆڵۆنیال بنووسن، تەنانەت بەشێک لە نووسەران لە دوای قۆناغی کۆڵۆنیالیزمیش، لەسەر هەمان رێچکە بەردەوام بوون و نەیانتوانیوە دەستبەرداریی زمانی وڵاتی کۆڵۆنیال بن بۆ نووسین، بەڵام بەرهەمەکانیان پاراوە بە کلتوور و داب و نەریت و ژینگەی نەتەوەیی، چونکە نووسەر لە ژینگەی نەتەوەیی لەدایک بووە و داب و نەریت و کلتووری نەتەوەیی بەسەریدا زاڵە و ناتوانێت دەستبەدارییان بێت. ئەم دیاردەیە زۆرێک لە نووسەر و شارەزایانی ئەدەبیی هێناوەتە دەنگ و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو دەقە ئەدەبییانەی، کە بە زمانی بێگانە نووسراون دەربڕیوە، کە ئاخۆ لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی هەژمار ئەکرێن؟ لەکاتێکدا ئەو بەرهەمانە ناوەرۆکێکی نەتەوەییان هەیە، یاخود ئەبنە موڵکی ئەو زمانانەی کە دەقە ئەدەبییەکەی پێ نووسراوە.

(ئۆکتاڤیۆ پاز)، نووسەر و شاعیرێکی مەکسیکییە و بە ئیسپانیی ئەنووسێت. سەبارە بە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو زمانە، ئەڵێت: ( من وەک هەر نووسەرێکی ئیسپانیی خۆم بە شوێنکەوتەی لۆپێ کۆدڤێ ئەزانم.. بەڵام ئیسپانیی نیم! بە بڕوای من زیاتر نووسەرانی ئەمریکایی ئیسپانیش هەمان قسە ئەکەن، بە هەمان شێوەی نووسەرانی ولایەتە یەکگرتووەکان، بەرازیل، کەنەدایی فەرەنسیی زمان، لە پەیوەندییان لەگەڵ نەریتە ئینگلیزیی و پورتوگالیی و

فەڕەنسییەکانیان هەمان شت ئەڵێن )( کاسانۆڤا، ٢٠٠٢، ١٠٦ ). لێرەدا نووسەر خۆی دان بەوەدا ئەنێت، کە بە زمانی ئیسپانیی ئەنووسێت و نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەو زمانە بێت، بەڵام کاتێک ئەڵێت من ئیسپانیی نیم، واتە ئەوەی من ئەی نووسم سەر بە ئەدەب و کلتووری مەکسیکییە، نەک ئیسپانیی.

هەروەها بەشێک لە نووسەرانی باکوری ئەفریقا، کە زۆربەیان جەزائیرین ( محمد دیب، موراد بۆریۆن، کاتب یاسین، سارە جبار، عەبدولڵا ڕکێبی ... ). سەبارەت بە نووسین بە زمانی فەڕەنسیی بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، لێرەدا بۆچوونی چەند نووسەرێکیان ئەخەینە روو ..

( مراد بۆریۆن ) لە ڕوانینێکی فراوانەوە سەیری زمانەکانی دونیا ئەکات و ئەڵێت: زمانی فەڕەنسیی موڵکی تایبەتی فەڕەنسییەکان نییە، بەڵکوو هەر زمانێک ئەشێت، ببێتە موڵکی ئەو کەسەی بەسەریدا زاڵ ئەبێت و بۆ داهێنانی ئەدەبی دەستەمۆیی ئەکات، یا لەرێگەیەوە گوزارشت لە حەقیقەتە نەتەوەییەکەی خۆی ئەکات ( بۆزید، ٢٠١٦، ١٤٠ ). لێرەدا محەمەد بۆریۆن ڕێگە بەو نووسەرانە ئەدات، کە بە زمانی بێگانە ئەنووسن، بەمەرجێک بتوانن وەک زمانی دایک بەسەریدا زاڵبن و خەیاڵی پێ بکەن و لە ڕێگەی ئەو زمانەوە گوزارشت لە داب و نەریت و کلتوور و مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن و بەجیهانی بناسێنن. ئەم بۆچوونە ناوەرۆکی دەقی ئەدەبیی بە چەمکە نەتەوەییەکانەوە ئەبەستێتەوە، واتە ئەشێت ئەدەبی نەتەوەیی بە زمانی بێگانە بنووسرێت، بەڵام هەڵگری پەیامێکی نەتەوەیی بێت. ( عەبدولڵا ڕکێبی ) هەڵوێستە لەسەر ئەو ئەدەبە جەزائیرییە ئەکات، کە بە زمانی فەڕەنسیی نووسراوە و رای ئەگەیەنێت: (( ئەدەبیاتیی جەزائیریی کە بە فەڕەنسیی نووسراوە، هۆکار و بارودۆخی خۆی هەیە، کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەی کە بە زمانێکی بیانیی نووسراوە، بەڵام ناوەڕۆکی جەزائیریانە و واقیعێکی نەتەوەیی دەربڕیوە، کە وای لێ ئەکات ئەدەبێکی ناوخۆی و نەتەوەیی بێت ))( قادە، ١٩٩٩، ١٠ ). بێگومان عەبدولڵا رکیبی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەفشاری داگیرکاریی فەڕەنسیی ئەکات، کە بۆ ماوەیەکی زۆر زمانی خوێندن و نووسین لە جەزائیر فەڕەنسیبووە، ئەمەش رەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر نووسەرە جەزائیرییەکان هەبووە، کە بە زمانی فەرەنسیی و بە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی بەرهەمەکانیان بنووسن، واتە نووسەرانیی جەزائیر لەگەڵ ئەوەی بەو زمانە نووسیویانە، بەڵام واقیعێکی ناوخۆی و نەتەوەییان دەربڕیوە.

لە ئەدەبیاتی کوردییشدا بەهۆی بارودۆخی داگیرکاری و سیاسییەوە، زۆرێک لە شاعیر و نووسەری کورد، ناچارکراوە بە زمانی بێگانە بنووسێت، بەڵام بە کەش و هەوایەکی کوردانە. لەم ڕوانگەیەوە زۆر نووسەر و لێکۆڵەری ئەدەبی کورد لەم بوارەدا بۆچوونی خۆیان خستۆتە روو، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو بۆچوونانە ئەکەین:

دکتۆر ( عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ )، ئەو شاعیر و نووسەرانەی، کە بە زمانی بێگانە ئەنووسن و شەقڵی کۆمەڵگەی کوردەواریی بە ئاشکرا بە بەرهەمەکانیانەوە دیارە، ئەو بەرهەمی ئەم شاعیر و نووسەرانە ئەخاتە دووتوێی ئەدەبی کوردییەوە، لەم بارەوە ئەڵێت: (( تاقە جیاوازی ئەمانە لەگەڵ شاعیر و نووسەرانی تری کورددا ئەوەیە، کە بەرهەمەکەیان لە بەر زۆر هۆی دیاری سەردەمی خۆیان بە کوردیی نەنووسراوە. ئائەمانە کە ئەگەر ئێمە پێڕەوی مێژووی ئەدەبیاتی گەلانی تریان بۆ بکەین، هەر بە نووسەر و شاعیر و زانای کوردیان دائەنێین و لەناو دووتوێی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگە بۆ بەرهەمیان ئەکەینەوە ))( ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٢٢ ). ئەو پێیوایە، زۆر لە بەرهەمی ئەمانە هەر ئەوەندە زمانەکەی بکەی بە کوردیی، بەرگی ئەدەبیاتی کوردیی سەردەمی خۆی بەخۆیەوە ئەنێ، چونکە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان رەنگدانەوە و هەڵقوڵاوی کلتووری کوردەوارین و بابەخ بە کێشە و مەسەلەی کورد ئەدەن.

دکتۆر ( زاهیر لەتیف کەریم )، بەکاریگەریی لێکۆڵینەوەیەکی گەورە نووسەری وەرگێڕان و ئەدەبی بەراووردکاری

ئینگلیزیی (سوزان باسنێت)، بەناوی ( ئەدەبی دوورگە بەریتانییەکان ) لە کتێبە بەنرخەکەیدا بە ناونیشانی ( ئەدەبی بەراوردکاریی ). تیشک ئەخاتە سەر نووسینی ئەدەبی کوردیی بە زمانی داگیرکەران، پێیوایە، لێکچوون و هاوشێوە لە نێوان ئەدەبی کوردیی و ئەدەبی دوورگە داگیرکراوەکان لەلایەن بەریتانیادا هەیە.

بە بۆچوونی دکتۆر زاهیر لەتیف: دەرەنجامی گەڕان و بیرکردنەوەکانی سوزان باسنێت، بۆ ئەدەبی کوردیی، دەبنە سەرچاوەیەکی هەرە بەهێز بۆ ئەدەبی کوردیی بە زمانی داگیرکەران و ئەڵێت: (( مەبەستیش لە ئەدەب بەزمانی داگیرکەران، ئەو ئەدەبە کوردییەی کە بە زمانی ئەوان نووسراوەتەوە، بەو پێیەی کوردستان بەدرێژایی زەمەنی داگیرکەران کەوتۆتە ژێر پێوەر و گوشار و کاریگەرییەکانی زمان و ئەدەبی ئەو داگیرکەرانە ( عەرەب و فارس و تورک ). دوورگە بەریتانییەکانیش هاوشێوەی کوردستان، کەوتونەتە ژێر گوشار و رۆشنبیرییەتی ئینگلیزیی داگیرکەر، بەتایبەتی بەکارهێنانی زمان، واتە زمانی نووسین لەم دوورگانە، بریتیە لەزمانی ئینگلیزیی ))( کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv )، لێرەدا پرسی ناسنامە و پەیوەندی ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتدا پرسێکی کارا و پێویستە، بە تایبەتی بۆ گەلانی ژێردەستە، ناسنامەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک پەیوەندیدارە بە هەموو رەهەندەکانی ( زمان و نەتەوە و کلتوور و خاک و کەلەپور و داب و نەریت ( ئەحمەد، ٢٠١٦، ١٠٧ ).

( سۆزان باسنیت )، لە لێکۆڵینەوەکەیدا جەخت لەوە ئەکاتەوە، کە جیاوازییەکی گەورە هەیە، لە نێوان بەریتانیا وەک یەکەیەکی سیاسیی و جوگرافیی و نەتەوەیی، کە پێکهاتووە لە ئینگلتەڕا، سکۆتلەندا، وێلز و ئیرلەندای باکور. ئەم دوورگانە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشێک نین لە شانشینیی یەکگرتوو، بەڵکوو لە موڵکی تاجی بەریتانیدان. بە درێژایی مێژوو کێشمە کێشمی ناسنامەی نەتەوەیی لە نێوان بەریتانیا و دوورگەکانیدا هەبووە، چونکە هەریەکە لەم دوورگانە خاوەنی زمان و ئەدەبێکی گەشەسەندوو و کلتوور و نەریتی و شوناس و مێژووی نەتەوەیی خۆیەتی و جیاوازن لەیەکتری تەنانەت دەمارگیری نەتەوەیی لە نێواندا هەیە. نەخشەی دوورگە بەریتانییەکان لەبنەڕەتدا پێکهاتووە لەزمانی ئینگلیزیی و کیلتیکیی و گاڵیکیی و وێلزیی )( باسنێت، ١٩٩٩، ٥٧ ). ئەوە بەروونی لە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی سکۆتلەندیی و ئیرلەندیی و وێڵزییدا ئەبینرێت، کەوا ئەزانن کێشە ئابووری و کۆمەڵایەیی و زمانەوانییەکانیان بەسەردا سەپێنراوە و وەک ئاڵتەرناتیڤی کلتووریی و زمانەوانیی لێی ئەڕوانن (باسنێت، ١٩٩٩، ٥٦ – ٦٠ ). دکتۆر زاهیر ئەڵێت: ( لەکاتێکدا ئەگەر بەرهەمی نووسەرە سکۆتلەندیی و ئیرلەندییەکانمان خستە نێو چوارچێوەیی ئەدەبی بەریتانیی ئەوا ئەمە جۆرێکە لەسڕینەوە و دەست بەسەرداگرتن، یان داگیرکردنی سەرمایەی مێژوویی و کلتووریی ئەو دوو ئەدەبەیە )( کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv ). هەر لەبەر ئەمە باسنیت داوا ئەکات، کە نەخشەی سیاسیی لەگەڵ نەخشەی زمانەوانی یان لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی نەریتی ئەدەبی جودا بکرێتەوە، یان جودابکرێتەوە لە یەکەی جوگرافیی. چونکە بەریتانیا لەبنەڕەتدا بریتییە لە یەکەیەکی سیاسیی، بەڵام بە جیاوازیی جوگرافیی.

لە ئەدەبی هەرێمە کوردستانییەکاندا هەمان کێشە بەدی ئەکرێت و نووسەرانی کورد، بەجیاوازی دیاڵێکتەکانەوە، دابەشبوون بەسەر شوێنە جیاوازەکان، عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا و بەشێکیان بەرهەمەکانیان بەزمانی نەخشە سیاسییەکان نووسیوە و ئەنووسن. ئەمە جگە لەگوشارەکان، هەڵکەوتەی ناوچەکان نووسەرانیان ناچارکردووە، کە بەزمانی ئەو نەخشانە بەرهەمەکانیان بنووسن. لە باکوری کوردستان، یەشار کەمال و لە باشوور محی الدین زەنگەنە و لە رۆژئاوا سەلیم بەرەکات و لە رۆژهەڵات علی محمد أفغانیی کرمانشانیی ( کەریم، ٢٠٢٠، www.khaktv). بەپێیی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سوزان باسنێت، بەرهەمی ئەم نووسەرانە ئەچنە نێو ئەدەبی کوردییەوە گەرچی بەرهەمەکانیشیان بەزمانی بێگانە نووسراون. لێرەدا مەسەلەی زمان، رێگر نابێت لەگەیاندنی ناوەڕۆکەکان، بەو پێیەی

ئەرکی زمان لەبنەڕەتدا گواستنەوە و گەیاندنی نامەکانە.

( هیمدا حوسێن و ڕێزان ساڵح و سەنگەر نازم ) لە دوو روانگەی جیاوازەوە لەو نووسەرە کوردانە ئەڕوانن، کە بە زمانی بیانیی ئەنووسن، لەلایەکەوە پێیانوایە: ئەدەبی کوردیی، تا رادەیەکی زۆر هاوشێوەی وڵاتی جەزائیر و مەغریب و توونسە، کە زیاتر مەبەستیان لە نووسەرانی کوردانیی ئەو پارچانەی کوردستانە، کە نووسین بە کوردیی تێیاندا بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بووە و بە هیچ کلۆجێک نووسەری کورد لەم پارچانە نە رۆشنبیرییەکی زمانی هەبووە، نە خوێنەرێکی بە زمانی نەتەوەیی هەبووە ( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤١١ ). لە هەمانکاتدا شاعیر و نووسەرانی کورد بەهۆی گوشاری حکومەتە داگیرکەرەکان نەیان توانیوە بە زمانی دایکی خۆیان بنووسن، بۆیە بە ناچاریی بەزمانی داگیرکەران بەرهەمەکانیان نووسیووە.

لەلایەکی ترەوە پێیانوایە، نووسین بە زمانی بێگانە لە ئەدەبی هاوچەرخدا تەنیا هەر تایبەت نییە بە کورد، بەڵکوو لای زۆرێک لە گەلانی تری ناوچەکەش بەدی ئەکرێت و زیاتر مەرامێکی جیهانگیریی لە پشتەوەیە. نووسەرانی کورد ویستوویانە لە رێگەی ئەو زمانانەی، کە ناسراون و خوێنەریان زیاترە بەرهەمەکانی خۆیان بە جیهان بگەیەنن و کەش و هەوای دەقەکانیشیان هەندێک جار کوردییە و هەندێک جاریش هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە ( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤١٤ )، ئەمەش لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زمانی کوردیی زمانێکی جیهانیی نییە، ئەو بەرهەمانەی بە زمانی کوردیی ئەنووسرێن، وەک پێویست لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناکرێن و ناناسێنرێن و خوێنەریان کەمترە بە بەراورد بە زمانانی رۆژئاوایی و عەرەبیی و تورکیی و فارسیی، بۆیە شاعیر و نووسەرانی کورد پەنایان بردۆتە بەر ئەو زمانانە بۆ نووسینی بەرهەمەکانیان.

## پاساوی ئەو نووسە کوردانەی کە بە زمانی بێگانە ئەنووسن

لێرەدا ئاماژە بە بۆچوونی چەند نووسەرێکی کورد ئەکەین، کە بەزمانی بێگانە ئەنووسن و پاساو بۆ نووسین بەزمانی بێگانە ئەهێننەوە، لە هەر یەکێک لە پارچەکانی کوردستان.

لە راستیدا هەر گەلێک بندەست بێت، زمانەکەیشی بندەست ئەبێت و پاشەکشە ئەکات و وەک پێویست پێی نانووسرێت. زمان بە چالاکی نووسین هەڵ ئەکشێت و گەشە ئەکات. لە عێراقدا زمانی عەرەبیی زمانی زۆرینە و زمانی فەرمی دەوڵەت و ئاین بووە، واتە پێشنۆرە بۆ زمانی عەرەبیی بووە. تەواوی چاپخانەکانی وڵات عەرەبیی بوونە، بۆیە هەر کارێکی ئەدەبیی ئەگەر بە کوردیی نووسرابێت، ئەوا بواری زۆر کەمی بۆ چاپ و پەخش لەبەردەستدا بوو ( حەسەن، ٢٠١٧، www.rudaw)، لەبەر ئەوە هەندێک لە نووسەران پەنایان بردۆتە بەر زمانی عەرەبیی بۆ نووسین، یەکێک لەوانە (( محێدین زەنگەنە، کە نووسەرێکی کوردیی شاری کەرکووکە و بە زمانی عەرەبیی ئەنووسێت، سەرەڕای نووسینی شانۆ چەند رۆمانێکیشی نووسیوە، وەک رۆمانی ( هم.. او يبقى الحب علاقه ) و رۆمانی ( ئاسۆس )، زۆر لە نووسەر و رەخنەگرانی دیاری عەرەب لە رۆژنامە و گۆڤارەکان لە ناوخۆ و دەرەوە لەسەر بەرهەمەکانی محێدین زەنگەنەیان نووسیوە، لەوانە ( فاضل العزاوي، قاسم محمد توفيق، نجم عبدالله كاظم ... ). هەروەها چەند خەڵاتی عەرەبیی وەک ( دەقی عەرەبیی – ١٩٧٩ ) و ( خەڵاتی باشترین دەقی وەرزیی ١٩٨٢-١٩٨٣ )ی پێبەخشراوە. لە بەر هەڵوێستی سیاسیی چەندین جار خراوەتە زیندان. محێدین زەنگەنە هۆکاری نووسینی بە زمانی عەرەبیی ئەگەڕێنێتەوە بۆ رەواجی زمانی عەرەبیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی کوردانەی بەرەو جۆرە نووسینێکی برد، کە بە زمانی عەرەبیی ناوەرۆکیکی کوردانە نیشان بدات ( رۆڤار، ٢٠٠٠، ٣-٤ ). بێگومان کاتێک واقیعێکی داگیرکاریی بەسەر

نەتەوەیەکدا ئەسەپێنرێت، ئەو نەتەوە ژێردەستە ئەکەوێتە ژێر گوشاری زمان و ئەدەب و رۆشنبیریی وڵاتی داگیرکەرەوە و نووسین بە زمانی دایک ئاستەنگی بۆ درووست ئەبێت و شاعیر و نووسەرانی بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان پەنا بۆ زمان و نووسینی داگیرکەر ئەبەن، بەڵام هەوڵ ئەدەن ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان بە کلتووری نەتەوەکەیان بڕازێننەوە.

هەندێک جاریش تێڕوانینیی جیهانگیریی و بەجیهانیبوون کاریگەریی خۆیان لەسەر هزری نووسەری کورد داناوە، بێ ئەوەی نووسەر دوو چاری هیچ دەسەڵاتێکی سەپێنراویی سیاسیی و زمانەوانیی بووبێتەوە، بە ویستیی خۆی بە زمانانی بێگانە ئەنووسێت. ( هونەر کەریم )، رۆماننوسێکی کوردیی شاریی کەرکوکە و خوێندنی بەزمانی عەرەبیی بووە، لەدوای ساڵی ٢٠١٠ەوە بە عەرەبیی دەستی بەنووسین کردووە، سێ رۆمانی بە زمانی عەرەبیی نووسیوە، یەکەم رۆمانی بە ناوی ( ارض علی قرنی الثور )ە، کە باس لە سەردەمی ئەنفال ئەکات و ئاماژە بە ژیان و دابونەریتی خەڵکی گوندنشینی کوردستان ئەکات، بە هۆی ئەم رۆمانەوە خەڵاتی میسریی ( القلم الحر )ی پێ بەخشراوە. هەروەها لە رۆمانی ( عین علی الطریق ) کە باس لە کلتوور و ژیان و داب و نەریت و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان و تراژیدیای یەزیدییەکان لەسەردەمیی پەلاماردانی داعش ئەکات و بەهۆی ئەم رۆمانەشەوە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە میسردا خەڵاتی ( دیوان العرب ) بۆ رۆمان پێ بەخشراوە، هەروەها ڕۆمانی ( فانتازیا السید جلجامیش )یشی نووسیوە، لە زۆرێک لە رۆژنامە عەرەبییەکانیی وەک ( رای الیوم )ی بەریتانیی و ( اخبار )ی میسریی و رۆژنامەکانی عێراقیی وەک ( الصباح الجدید )و ( المراقب ) بابەتی رەخنەییان لەسەر رۆمانەکانی هونەر کەریم نووسیوە ( هونەر کەریم، facebook ).

هونەر کەریم پاساو بۆ نووسینی بە زمانی عەرەبیی ئەهێنێتەوە و ئەڵێت؛ )( کێشەیی ئەدەبی کوردیی ئەوەیە زۆر بە زەحمەت ئەگاتە جیهان، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ کەمی وەرگێڕان بۆ سەر زمانەکانی تر، بۆشاییەکی گەورە هەیە، لە گەیاندنی ئەدەبی کوردیی بۆ سەر زمانی عەرەبیی زۆر لە نووسەر و خوێنەری عەرەب ئەدەبی کوردییان وەک وەرگێڕان لەبەردەست نییە و زۆر دەگمەنە... لەبەر ئەوە من بەو زمانە ( عەرەبیی ) ئەنووسم لەپاڵ زمانی کوردی ()( حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤٢٦ ). لەگەڵ ئەوەی هونەر کەریم بەشێک لە رۆمانەکانی بەزمانی عەرەبیی نووسیوە، بەڵام لە رۆمانەکانیدا باسی داب و نەریت و ئازارەکانی کورد ئەکات و ئەیەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەری عەرەب بە ئەدەب و کلتوور و مەرگەساتەکانی گەلی کورد ئاشنا بکات.

ئەگەر سەرنج بدەینە کوردستانیی رۆژئاوا کە لەژێر دەستی رژێمی سووریادا بووە، عەرەبیی زمانی فەرمی خوێندن و نووسین بووە و هەمیشە رۆشنبیری عەرەبیی زاڵکراوە، بۆیە نووسەرانی کوردیی ئەم پارچەیە بە زمانی عەرەبیی بەرهەمەکانی خۆیان نووسیوە، بەڵام لەبەرهەمەکانیاندا ئازار و مەرگەساتیی گەلی کوردیان بەرجەستە کردووە، وەک: سەلیم بەرەکات و هۆشەنگ ئۆسی و جان دۆست ..

( سەلیم بەرەکات ) نووسەر و شاعیر و رۆماننووسی کوردیی رۆژئاوایی کوردستانیی سووریایە و (ساڵی ١٩٥١) لە قامیشلۆ دایک بووە، لە ساڵی ١٩٩٩ رووی لە وڵاتی سوید کردووە و تا ئێستاش لەوێ نیشتەجێیە. سەلیم بەرەکات رۆمانەکانی بەزمانی عەرەبیی نووسیوە، تائێستا ژمارەیەکی زۆریی رۆمانی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە ( فقهاء الظلام، أرواح هندسیة، الریش، معسكرات الأبدا، سبایا سنجار ... )( کعال و نزار ، ٢٠٢١-٢٠٢٢، ٣٦ ). لە رۆمانەکانیدا توانیوییەتی بە زمانی عەرەبیی گوزارشتیی راستەقینە لە مێژوو و خەم و ئازار و پرسیی کورد بکات و زۆربەی بەرهەمەکانی راستەوخۆ لەسەر کورد و دۆزەکەیەتی. سەلیم بەرەکات لەبارەی نووسینی بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبیی، ئەڵێت: (( من رۆحی کورد بە عەرەب ئەناسێنم، ئەمەش ئەرکی منە.. هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە زمانی عەرەبیم بەکارهێناوە بۆ تەرجەمەکردنی رۆحی کورد بۆ عەرەب، چونکە زمانێکیی زۆر دەوڵەمەند و فراوانە، بۆ خۆشم چاکترە،

کە مرۆڤێکی کورد بەو دەوڵەمەندیە پێشکەش بکەم، هەروەها بۆ خوێندەوارە بێگانەکەش باشترە، کە مرۆڤێکی دەوڵەمەند و قووڵی لەم ئاستەی پێشکەش بکرێ نەک بە زمانێکی هەژار )( بەرەکات، ٢٠٠٤، ٥٥ ). سەلیم بەرەکات، وەك وەرگێڕێك بۆ سەر زمانی عەرەبیی، شوناس و کلتور و ئەدەب و مەسەلە و مەلەفی کورد ئەگوێزێتەوە بۆ خوێنەری عەرەب. ئەمە بەزمانی دایك ئەنجام نادرێت، چونکە دەسەڵاتی زمانی دایك لەرووی جوگرافیا و جێگەوە سنووردارە و لەبەرامبەریشدا خوێنەری عەرەب ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم زمانەدا نیە. بەمەش ئەگەر بەزمانی دایك بنووسرایە ئەوا بەرهەمەکە خۆی لەبازنەیەکی لۆکاڵییدا ئەبینییەوە و بەها و کاریگەرییە دەرەکییەکانی لەدەست ئەدا، یان کاریگەریی لەسەر خوێنەری عەرەب درووست ناکات، کەواتە سەلیم بەرەکات رۆڵی پردی پەڕینەوە و ناساندن و گواستنەوە ئەبینێت و ئەیەوێت، هەستی تاکی عەرەبیی بجوڵێنێت، تا لەنزیکەوە ئاگاداریی کێشە و نەهامەتییەکانی کورد بێت (کەریم، ٢٠٢٣، www.gksat.tv ). هەموو ئەمانەش ئەوە ئەگەیەنن، کە داهێنانەکانی سەلیم بەرەکات بە زمانی عەرەبیی و هاوشێوەکانی وەک یەشار کەمال و تەحسین گەرمیانی و مەنسوری یاقووتی بە زمانی داگیرکەران، رۆڵێکی ئەرێنی لە ناساندنی ئەدەبی کوردیی بە جیهانی دەرەوە ئەبینن.

( هۆشەنگ ئەوسی )، یەکێکە لەو نووسەرە کوردانەی سووریا و بە هەردوو زمانی عەرەبیی و کوردیی بەرهەمەکانی خۆی ئەنووسێت، تاوەکو ئێستا چوار رۆمانی بە عەرەبیی نووسیوە و یەکێکە لەو کوردانەی، کە یەکێک لە خەڵاتە گەورەکانی عەرەبیی بۆ رۆمان بردۆتەوە، کە خەڵاتی (کەتارا)یە بۆ رۆمان، سێ دیوانە شیعریشی بە کوردیی هەیە و شەش دیوانیشی بە عەرەبیی هەیە (حوسێن، نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤٢٠ ). سەبارەت بە نووسین بە زمانی بێگانە، ئەڵێت: (( راشکاوانە بڵێم، من مەیلی ئەوەم نییە کە بڵێم ناسنامەی ئەدەبی نەتەوەیی تەنیا لە زمانی دایک سنووردارە، کە پێی نووسراوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە زمان دەفر و ئامرازێکە بۆ گەیاندنی بیر و هەست و هەڵوێست... لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش جیاوازە. من زمانی عەرەبیی بە زمانی دایکی دووەم ئەزانم. هەر زمانێک مرۆڤ شارەزا بێت، چ خوێندنەوە، نووسین، یان دەربڕینی بیر و هەست، زمانی دایکیشە... ئەوەی من ئەینووسم سەر بە ئەدەبیی کوردییە، لەسەر بنەمای واقیعی و هەمەچەشنی دەوڵەمەندیی کوردستانە ))( ئۆسی، ٢٠١٩، www.syria ). ئۆسی ئەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە دەقیی ئەدەبی بە هەر زمانێک (عەرەبیی، فارسیی، تورکیی ) بنووسرێت کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە نووسەر بتوانێ بەو زمانە خەیاڵ بکات و هەستەکانی دەرببڕێت، لەهەمانکاتدا ئەگەر بەرهەمێک باس لە کلتوور و بەها و ئازار و ئامانجەکانی کورد بکات. ئەوا سەر بە ئەدەبی کوردیی و کتێبخانەی کوردییە.

سەبارەت بە باکوری کوردستان، بە دید و بۆچوونی زۆربەی نووسەر و مێژوونووسانی کورد، ئەم بەشەی کوردستان رووبەڕووی زۆرترین ستەم و زۆرداریی و ڕەشکردنەوە بۆتەوە لەچاو بەشەکانی تری کوردستان، هەر بۆیە گەورەترین زەبر لە باکوری کوردستاندا بەر زمان و کلتوور کەوتووە، چونکە دەوڵەتی کەمالیستی تورک، لە پاڵ کلتوورسازیدا هەوڵی لەناوبردنی زمان و کلتووری کوردیی داوە ( علی، ٢٠١٣، ١٠ ). لەهەمانکاتدا خوێندن و نووسین بەزمانی کوردیی لە فەرهەنگی سیاسیی و نەتەوەیی تورکدا قەدەغەکراوە، بۆیە نووسەری کورد لەم بەشەی کوردستاندا بۆ نووسینی بەرهەمەکەی بەناچاری پەنایی بۆ زمانی داگیرکەر بردووە، هەروەکو یەشار کەمال.

( یەشار کەمال )، نووسەر و ڕۆماننوسێکی دیاری تورکینووس و ئەدیبێکی گەورەی تورکیایە و بەڕەچەڵەک کوردە. یەشار کەمال وەک نوسەرێک خزمەتی گەورەی بە دنیای ئەدەب و نوسین کردووە، (( هەرچەند رۆمانەکانی یەشار کەمال لەرووی زمانەوە ناچنە خانەی ئەدەبی کوردیی، بەڵام لە رووی ناوەڕۆکەوە باسی ژیانی کوردەواریی ئەگێڕنەوە. لە

بەرهەمەکانیدا بۆن و بەرامەی کوردەواریی لە بەشی زۆری رۆمان و چیرۆک و ریپۆرتاژ و وتارەکانیدا هەیە. رۆمانەکانی بۆ چەندان زمانی جیهانیی وەرگێڕراوە، بەشێک لە رۆمانە بەناوبانگەکانی وەک: رۆمانی حەمەدۆک، چیرۆکی دوورگە، ئەودیو چیا، کوێرئۆغلی، ئاغاکانی ئاقچاساز. کراون بە کوردیی ))( مستەفا، ٢٠٢٢، ١٤٣ )، ئەگەر زمانی رۆمانەکانی یەشار کەمال تورکیە، بەڵام رووداوەکانی لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانیی باکور بەرجەستە کراون و مۆرکی کوردەوارییان پێوە دیارە. یەشار کەمال سەبارەت بە نووسینی بەرهەمەکانی بە زمانی تورکی، ئەڵێت: (( ئەوەی بە زمانی کوردیی نووسرابێت لە تورکیادا رەتکراوەتەوە و قەدەغە کراوە، هەر بۆیە ناچاربووم بە یەکجارەکی پەنا بۆ زمان و رۆشنبیری تورکیی ببەم و چیتر دەستەوەستان نەوەستم و کارەکانمی پێ ئەنجام بدەم ))( علی، ٢٠١٣، ٨ ). یەشار کەمال وەک نووسەرێکی جیهانی لە بواری نووسینی ئەدەبییدا چەندین خەڵاتی ئەدەبی نێوخۆی و جیهانیی پێ بەخشراوە. (( تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٢ پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبڵ بوو، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسیی ئەو خەڵاتەی پێنەبەخشرا ))( علی، ٢٠١٣، ١٥ ).

سەبارەت بە کوردانیی ژێر دەسەڵاتی رژێمی ئێرانیش، هەروەک چۆن خوێندن و نووسین بەزمانی کوردیی قەدەغەبووە، بەهەمانشێوە چاپکردنی کتێبی کوردیش قەدەغەبووە، ئەم هۆکارانە حەز و خولیای نووسینیان بەزمانی کوردیی کەم کردۆتەوە ( ابراهیم، ٢٠١٣، ٨ )، واتە رێگە بەخوێنەری کورد نەدراوە لەگەڵ سروشتی زمانەکەی خۆی زمانی نووسینی نەشونما بکات، بۆیە شاعیر و نووسەرانی کوردیی رۆژهەڵات بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی فارسیی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا (( توانیویانە بە رادەیەکی باش پارێزگاری لە ناسنامە و کلتووری نەتەوەیی خۆیان بکەن و تەنانەت زمانی ئاخاوتنیشیان کوردییە، ئەوە نەبێت بە هۆی رێگرییەکانی دەوڵەت نەیانتوانیوە بە فەرمی بەرهەمەکانیان بە کوردیی بنووسن، ئەگینا کرۆک و ناوەرۆکی دەقەکانیان کوردییەکی تەواوە ))( حوسێن نازم، مەولوود، ٢٠٢١، ٤٢٤ ). بۆ نمونە ئەگەر بەرهەمەکانی ( ئیبراهیمی یونسی، مەنسووری یاقووتی و عەلی ئەشرەف دەروێشیان.. ) وەربگێڕینە سەر زمانی کوردیی ئەبینین کەسێتییەکان، ژینگە و کلتوورەکە کوردییە، هەست بەوە ناکەین کە کەش و هەوای ناو ئەو دەقانە نامۆیە بە ئەدەبی کوردیی.

( ئیبراهیمی یونسی )، نووسەر و وەرگێڕ و مێژوونووسی کوردیی رۆژهەڵات، بە زمانی فارسیی بەرهەمەکانی نووسیوە، لە ماوەی ساڵانی درێژخایەنی چالاکی فەرهەنگی لە بواری نووسین و وەرگێڕان و نووسینی چیرۆکدا، رۆڵی بەرچاوی هەبووە و زیاتر لە ٨٠ کتێبیی هەیە، لە نووسینەکانیشی رۆمانگەلی: ( نزایەک بۆ ئارمێن، بەخێر هاتی... گۆڕستانی غەریبان، دادە شیرین، دایکم هەمدیسان گریا، مردووەکان ) لە بەرهەمە دیارەکانی نووسەرن ( قادری، ٢٠١٨، www. rudaw). ناوەرۆکی بەشێک لە بەرهەمەکانی باس لە تراژیدیای گەلی کورد و کلتووری کوردەواریی دەکەن.

( عەلی ئەشرەف دەروێشیان ) چیرۆکنووس و رۆماننووسی کوردیی شاری کرماشانە و بە زمانی فارسی ئەنووسێ، زۆربەی بەرهەمە چیرۆکەکانی بۆ زمانەکانی ئینگلیزیی، فەڕەنسیی، رووسیی، ئەڵمانی، کوردیی، تورکیی، ئەرمەنیی و نەرویجیی وەرگێڕراون. بەرهەمەکانی گێڕەرەوەی ژیان و فەرهەنگ، دابونەریت و .. خەڵکیی کوردە، خۆشی شانازی بەم هەڵوێستەیەوە ئەکات و ئەڵێت: ( هەموو هەوڵی من بۆ ئەوەیە کلتوور و دابونەریتی گەلی کورد لە نووسینەکانمدا رەنگ بداتەوە و خەڵکانی تر لەگەڵ ئەم کلتوورە بە پێز و دەوڵەمەندەدا ئاشناکەم )( پیری، ٢٠٠٦، ٥٠ )، لەبەر هەڵوێستی نەتەوەیی، بەردەوام بەرهەمەکانی لەژێر گوشاردابوون و سانسۆر کراون.

مەنسووری یاقووتی نووسەر، شاعیر و رەخنەگری کوردیی کرماشانیی کوردستانیی رۆژهەڵاتە. بەزمای فارسیی ئەنووسێت و بەرهەمەکانی رەنگدانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی کوردانی ناوچەی کرماشانن، بەهۆی بوونی هەڵوێست و

ڕەهەندی سیاسیی کوردانە لە بەرهەمەکانیدا بەشێکی زۆری ژیانی لەزینداندا بەسەربردووە، بەشێکیی زۆری بەرهەمەکانی ڕێگەیان پێ نەدراوە چاپ بکرێن، سەبارەت بە نووسینی بە زمانیی فارسیی ئەڵێت: زمانی ڕەسمی ئێران فارسییە، هەرچەندە کوردیش گەلێکە لە گەلانی ئێران، بەڵام ڕێگەی کوردیی نووسینمان نەبووە و نەدراوە، بۆیە بە زمانی فارسیی ئەنووسم ( ڕۆڤار، ٢٠٠٦، ١١ ). بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی کێشەی چینایەتی و کلتووری کوردەوارییین، عەزیز گەردی چوار لە بەرهەمەکانی وەرگێڕاوەتە سەر دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، کاتێک خوێنەری کورد ئەم بەرهەمە ئەخوێنێتەوە هەست ناکات نامۆیە بە کلتووری کوردەواریی.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

١- کۆدەنگییەکی تەواو لە نێوان لێکۆڵەراندا نییە، سەبارەت بە ناسنامەی ئەو دەقە ئەدەبییانەی، کە بە زمانی بێگانە ئەنووسرێن، هەندێکیان زمان ئەکەنە پێوەر بۆ دیاریکردنی ناسنامەی دەقی ئەدەبیی، هەندێکی تریان کلتوور و کەشوهەوای ناو دەق ئەکەن بە بنەما بۆ دیاریکردنی ناسنامەی دەقی ئەدەبیی.

٢- نەتەوەی کورد لە مێژووی هەزار ساڵەی خۆیدا بارودۆخێکی سیاسیی و ناجێگیری هەبووە، ئەم دۆخەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردیی هەبووە و ئەدەبی کوردیی کەوتۆتە ژێر هەژمووونی ئەدەبی وڵاتانی داگیرکەر و نووسەری کورد لە ژێر فشار و سانسۆردا بوون، بەرهەمەکەی بە زمانی داگیرکەر بنووسێت.

٣- لە بەشێک لە هەرێمە کوردستانییەکانی ( تورکیا و ئێران و سووریا )دا نووسین و خوێندن بە زمانی کوردیی قەدەغەیە، تەنانەت چاپکردنی نووسینی کوردیی ئاستەنگی بۆ درووست ئەکرێت و ڕەت ئەکرێتەوە.

٤- بەشێک لە لێکۆڵەران بۆچوونیان وایە لەسەردەمی هاوچەرخدا، نووسین بە زمانی بێگانە، تەنیا تایبەت نییە، بە نووسەری کورد، بەڵکو خواستێکی جیهانگیرییە.

٥- زۆر لەو بەرهەمە ئەدەبییە کوردییانەیی، کە بە زمانی بێگانە نووسراون، ئەگەر وەریان بگێڕینە سەر زمانی کوردیی هەست ناکەین وەرگێڕانن، چونکە باس لە کێشەی کورد و کلتوور و ژیانی کوردەواریی ئەکەن.

## لیستیی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:


- ابراهیم، سەرکەوت عومەر، (٢٠١٣)، بنیاتی هونەری لە ڕۆمانی کوردیی ڕۆژهەڵاتیی کوردستان، نامەی دکتۆرا، زانکۆیی کۆیە.

- ئەحمەد، گوڵەباخ حسێن، (٢٠١٦)، ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتیی کوردستان – کرمانجیی ناوەڕاست (١٩٨٠ – ٢٠١٤ )، نامەی ماستەر، زانکۆیی سەلاحەدین.

- بەرەکات، سەلیم، (٢٠٠٤)، من ڕۆحی کوردیی بە عەرەب ئەناسێنم، گفتوگۆیی: جەوهەر کرمانج و مۆفەق دەڵگەیی، گۆڤاری (ڕۆڤار)، ژمارە(٣١).

- پیریی، موحەمەد باقر، (٢٠٠٦)، عەلی ئەشرەف دەروێشیان: ئەدەبیاتی کوردیی ئەدەبیاتێکی جیهانییە، و. شەریف فەلاح (هێژا)، گۆڤاری رامان، ژمارە(١١٣).

- حوسین، نازم، مەولوود - هیمداد، سەنگەر و ڕێزان ساڵح، (٢٠٢١)، ئەدەبی بەراورد، چاپخانەیی ئاوێر، هەولێر.

- حیلمی، ڕەفیق، (٢٠١٠)، شیعر و ئەدەبیات کوردیی، بەرگی (١،٢)، چاپیی (٣)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- رۆڤـار، گۆڤـاری، (٢٠٠٦)، لـە گوزەریـی بـادا، بیۆگرافیایـی مەنسـوری یاقـوتی، بـە پێنووسـی خـۆی، و. جەلیـل ئازادیخـواز، ژمـارە(٣١).

- رۆڤار، گۆڤاری، (٢٠٠٠)، گوڵەکان بۆ محێدین زەنگەنە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە (٦).

- رەسوڵ، عزەدین مستەفا، (١٩٨٩)، ئەدەبیاتی نوێیی کوردیی، مطبعة التعليم العالى، اربيل.

- عەلـی، کارزان محسـن قـادر، (٢٠١٣)، بنیـاتی ناسـنامەیی نەتەوەیـی لـە رۆمانەکانـی یەشـار کەمـال دا، نامـەی دکتـۆرا، زانکۆیـی کۆیـە.

- مسـتەفا، و. رێبـاز، (٢٠٢٢)، لەبـارەی یەشـار کەمـال و رۆمانـی حەمـەدۆک، گفتوگۆیـەک لەگـەڵ گوندنشـینەکانی سـاریباخچە، گۆڤـاری وانـەر، ژمـارە ( ٧ ).

- مەنتـك، حەمـە، (٢٠١٨)، مێتۆدەکانـی رەخنـەی ئەدەبیـی، چاپـی یەکـەم، نوسـینگەیی تەفسـیر بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر.

- نـالی، دیـوانی، مـدرس و عبدالکریـم - مـەلا عبدالکریمـی و فاتـح، (١٣٦٨)، لێکۆڵینـەوە، چـاپ سـوم، مرکـز نـشر فرهنـگ و ادبیـات کردیـی ( انتشـارات صـلاح الدیـن ایوبیـی )، اورمیـە.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

- ابختـی، عائیشـه، ( ٢٠١٢-٢٠١٣ )، اشـکالیه الهویـه فـی الادب الجزائـری المکتوبـه باللغـه الفرنسـیه، رسـالة الماجسـترفی اللغـه والادب العربـی، جامعـة ادرار، جزائـر.

- باسنیت، سوزان، (١٩٩٩)، الادب المقارن، ت. امیرة حسن نویره، المجلس الثقافة والاعلام، بیروت، لبنان.

- البدیری، علی مجید داود، (٢٠٠٩)، الادب العربی المقارن فی ضوء ‹› جمالیة التلقی››، اطرحة الدکتوراه، جامعه البصره.

- جبـارة، محمـد جاسـم، (٢٠١٥ )، اللغـة العربیـة وأیدیولوجیـة الوحـدة، مجلـة تبـین، جامعـة الموصـل، کلیـة التربیـة للعلـوم الإنسـانیة، العـراق. العـدد ١٤.

- الخطیب، حسام، (١٩٩٢)، افاق الادب المقارن عربیا و عالمیا، دار الفکر المعاصر، دیمشق – بیروت.

- بۆزیـد، نسـیمه، (٢٠١٦)، ازمـة الهویـة في الادب الجزائـری المکتـوب باللغـة الفرنسـیة، مجلـة دفاتـر مخـبر الشـعریة، العـدد، (٢)، الجزائریـة.

- الزهرة، وذان فاطیمة، (٢٠٢٠-٢٠٢١)، اشکالیات ممصطلحیة، شهادة الماستر، جامعة ابن خلدون، الجزائر.

- العیـد، داز، (٢٠٢٠-٢٠٢١)، تلقـی الـدرس المقـارن في الادب العـربي المعـاصر، شـهادة دکتـورا، جامعـة الجیـلالی لیابـس سـیدی بلعبـاس، الجزائـر.

- عزیز، د. صالح أمین ، (٢٠١٢)، اعلام أئمة العربیة و الادب من الکردی، مجلة کلیة الاداب، جامعة بغداد / العدد ٩٩.

- ڤان تیجم، (؟)، الادب المقارن، ترجمة، د. سامي الدروبي، الطبعة والنشر، دار الفکر العربي، القاهرة.

- قـاده، مـبروک، (١٩٩٩)، اشـکالیة الانتماءالقومـی لـلادب الجزائـیری المکتـوب باللغـة الفرنسـیة، مجلـة الانسـانیات، عـدد (٩)، الجزائر.

- کازانوڤا، باسکال، (٢٠٠٢)، الجمهوریة العالمیة للاداب، ت. امل الصبان، الطبعة الالی، المجلس الاعلی للثقافة، القاهرة.

- کعـال و نـزار، بثنـة و سـارة (٢٠٢١-٢٠٢٢)، بنیـة الشـخصیة فـی راوایـة فقهـاء الظـلام لسـلیم بـرکات، شـهادة الماجسـتر، جامعـة العـربي بـن مهیـدي - أم البواقـي – کلیـة الأداب واللغـات، الجزائـر.

- نعیمـة، حمـو، (٢٠١٩ – ٢٠٢٠)، الروایـة الجزائریـة المکتوبـة باللغـة الفرنسـیة و إشـکالیة الهویـة، شـهادة ماجسـتیر، جزائـر،

جامعـة عبـد الحميـد بـن باديـس- مسـتغانم كليـة الأدب العـربي والفنـون.
- هلال، محمد غنيمي، (٢٠٠٨)، الادب المقارن، نهضة مصر للطباعة، الطبعة التاسعة، القاهرة.

**سێیەم: سەرچاوەی فارسی:**

- يوسـت، فرانسـوا، (١٣٨٨)، فلسـفه و نظريـه اى جديـد در ادبيـات، ت. عـلى رضـا انـور شـيروانى، مجلـه مطالعـات ادبيـات تطبيقـى، شـماره (٨).

چوارەم: سەرچاوەی ئەنتەرنێت:

- ئـۆسی، هۆشـنگ، (٢٠١٩)، حـول هويـة الأدب وإشـكالية اللغـة - تلفزيـون سـوريا، هوشـنگ ئۆسـی، ٢٠١٩/٧/١٠، دیمەشـق .https://www.syria
- حەسەن، حەمە فەریق، (٢٠١٧)، نووسەری کورد و نووسین بە زمانی بێگانە، ٢٦/٥ /٢٠١٧، https://www.rudaw.net
- قادری، عادل، (٢٠١٨)، ئیبراهیم یونسی و خەونێکی گەورە بۆ گۆڕانی کلتوری٢٠١٨/٢/٢٤، https://www.rudaw.net
- کەریـم، زاهیـر لەتیـف، (٢٠٢٠)، ئەدەبـی بـەراوردکاری: ئـەدەبی کـوردی بـە زمـانی داگیرکـەران، ٢٠٢٠/٧/١ ..https://www. khaktv.net/a
- کەریم، زاهیر لەتیف، (٢٠٢٣)، چەقی ڕوانینی دەرەکی و خوێندنەوەیەکی نوێ، ٢٠٢٣/٤/١. https://www.gksat.tv
- هونەر کەریم، facebook

## الأدب الكردي المكتوبة باللغة الأجنبية في حقل الادب الكردي

## ملخص

تعـد القوميـة الكرديـة مـن الأمـم التـي لم تتكـون لهـا عـبر تأريخهـا الطويـل لغـة خاصـة بهـا ولا كيـان مسـتقل. لذلـك كانـت لغتهـا وأدبهـا دائمـا تحـت هيمنـة الحكومـات المحتلـة، ولم يتمكـن الشـعراء والأدبـاء الأكـراد بسـبب ضغـوط حكومـات الاحتـلال مـن الكتابـة بلغتهـم الأم والتعبـير عـن مشـاعرهم،

وقسـم الكـرد عـلى أربعـة مناطـق جغرافيـة (العـراق وتركيـا وإيـران وسـوريا) مـما جعـل الكتـاب والشـعراء منهـم أن يواجهـوا صعوبـات جعلتهـم غـير قادريـن عـلى التعبـير عـما في داخلهـم طواعيـة وبلغتهـم الأم، حتـى في مناطـق كردسـتان الثـلاث في تركيا وإيـران وسـوريا، حيـث حظـرت الدراسـة والكتابـة باللغـة الكرديـة، وفي بعـض الاحيـان قـد اعتقـل شـعراءهم وكتابهـم، وطـردوا مـن أوطانهـم، ومنعـت ورفضـت طبـع مؤلفاتهـم ، مـما جعلهـم أن يكتبـوا مؤلفاتهـم بلغـة الاسـتعمار، وهـذا مـا أدى إلى دخـول الشـك في جنسـية هـذه الأدبيـات المكتوبـة.

وفي بعـض الأحيـان نجـد تأثـير العولمـة والعالميـة ظاهـرة في تفكـير الكتـاب والشـعراء، بينـما السـلطات السياسـية واللغويـة اضطرتهـم أن يكتبـوا بلغـات أجنبيـة، وقـد ظـن هـؤلاء أنهـم إذا كتبـوا بلغتهـم الأم، فـإن نتاجهـم سـيبقى داخـل الحـدود المحليـة، ولـن يصـل إلى قـراء الأجانـب، لـذا لجـأوا إلى إفـراغ جهودهـم الأدبيـة في قالـب اللغـات الأجنبيـة.

**الكلمات المفتاحية: (الأدب القومي، الهوية القومية، الأدب المقارن، اللغة، الثقافة).**

# Kurdish literature in foreign languages as an alternative to Kurdish Language


## Abstract

kurdish is one of those nations in thousand in its history doesnt have a unity language and independent part.that´s why kurdish literature and its language was under the effects of the colony countries.The Kurdish poets and and writes couldn´t write and describe their own feelings with thier own languages because of the colony countries.

Dividing kurds into four geographical parts (lraq,lran, Turkey and Syria) had effects on the kurdish poets and writers of those parts couldnt use kurdish language in their writings because of the threats and sansors. Even in those three parts(lran ,Syria and Turkey) writing and studying in kurdish was frobidden. Sometimes, The kurdish poets and writers faced jail and difficulty to get out of their homeland. Though it was difficult at that time to print their writings in Kurdish and mostly they denied to print their poems, So The kurdish poets and writers obligely they had written poems with the language of the colony countries. As a result، there was doubt the nationality of these literatures.

Sometimes world had effects on them.Without facing any troubles and difficulties the writers had written with foreign languages.They thought that if they only write with Kurdish,though only kurdish could know them in this limited area and it couldn´t reach foreign readers.therefore they wanted to write with foreign languages.


**Key words: ( national literature, national identit, comparative literature, language, culture ).**